www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-6-2006 19:52

# ڕەیپ دەستدرێژییە بۆ سەر شەرەفی پیاوو بنەماڵە یان گەورەترین تاوانە بەرانبەر قوربانییەکە؟ (بەشی یەکەم) ... عەتای مەلا کەریم بەریتانیا



ووشەی ڕەیپ لە بنەڕەتدا لە ووشەی rapere لاتینییەوە هاتووە بە مانای دەستبەسەراگرتن یان زەوتکردن بەزۆر. ووشەی ڕەیپ بە لاتینی کە مانا نوێکەی بدات raptus کە بەئینگلیزی دەبێتە Rape و بە عەرەبی اغتیاب، بەڵام دیارە هێشتا کورد ئەو تاوانەی نەناسیوە یان نەیتوانیوە لە مەسەلەکانی دیکەی شەرەف و سێکس و پەلاماری جودابکاتەوە هەر بۆیە ووشەیەکی پڕاوپڕی بۆ دانەناوە. من بۆ مەبەستی ئەم ووتارە هەر ووشەی ڕەیپ بەکاردەهێنم کە دەکاتە: ناچارکردنی کەسێک، مێ بێت یان نێر، بۆ کاری سێکسی بە بێ ڕەزامەندی خۆی بە چونە ناوەوەی ئامێری نێرینەی پیاو، یان هەر بەشێکی دیکەی لەشی یان هەر ئامێرو ئامرازو شتێکی دیکە، بۆ ناو لەشی ئەو کەسە لەڕێگای پێشەوەبێت، دواوە بێت یان دەمی. ئەم پێناسەیەش هێشتا هەر تەواو نییەو لە کولتوورو وڵاتانی جیاجیادا پەرچڤەو لێکدانەوەی جیا جیای بۆ کراوەو لە قۆناغە مێژووییە جیاجیاکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

بۆ نمونە لە یاسای ئینگلیزیدا یەکەمجار بەمجۆرە پێناسەکراوە: پیاوێک تاوانبارە بە ڕەیپ ئەگەر کاری سێکسی ئەنجامدا لەگەڵ ژنێک بەبێ ڕەزامەندی ئەو ژنە. ئەم پێناسەیە زۆر بووەتە جێگای مشتومڕ. باشە ئەی ئەگەر پیاوێک ڕەیپ کرا خۆ یاسا تاوانبارەکە بە پێی ئەو یاسایە سزا نادات، چونکە نایگرێتەوە! لەلایەکی دیکەوە کاری سێکسی بەچ ڕێگایەک ئەنجامداوە؟ ئەی 'بەبێ ڕەزامەندی ئەو ژنە' چی دەگەیەنێت؟ ئایا نەبونی ڕەزامەندی مانای زۆرو کوتەکە؟ یان مانای ئەوەیە کە ئەو ژنە دەبێت هەتا هەناسەی پێدەمێنێت بەرگری بکات و دواتریش پۆلیس جێگای ڕوشاوی و برینەکانی ببینێت؟ یاخود هەر بڵێت ڕازی نیم ئیتر بەسە.

وەڵامی ئەو پرسیارانە لە مێژوی یاسای ئینگلیزیدا گەلێک جار مشتومڕی دروستکردوەو بەگەلێک جۆر لێکدراونەوە تا لە ساڵی 2003 دا و لە یاسای تاوانە سێکسییەکاندا Sexual Offences Act 2003 بە وردی ڕونکراوەتە کە بریتییە لە: چونە ناوەوەی ئامێری نێرینەی پیاو بۆ ناو قەجاینا یان کۆمی کەسی دووەم یان بۆ ناو دەمی یان چونەناوەوەی هەربەشێکی لەشی ئەو پیاوە یان هەر شت یان ئامێرێکی دیکە بۆ ناو قەجاینا یان کۆمی ئەو کەسە. دیارە ئەو یاسایە بەش و لقو پۆپی زۆرەو لێرەدا بواری باسکردنیان نییە. بەڵام پێویستە بوترێت کە ئەو دەستدرێژییە سێکسییانە ئەگەر بۆ سەر مناڵ بێت کێشەیەکی دیکەیە کە زۆر لەوە ئاڵۆزترە. Dobash & Dobash (1992) دەڵێن کە دەستدریژی سێکسی بۆسەر کەسێک لە هەموو جۆرە پەلامارێکی دیکەی جەستەیی خراپترو بە ناسۆرترە.

بەشێوەیەکی گشتی ئێستا ڕەیپ لە هەموو شوێنێکی جیهان وەک تاوانێکی گەورە ناسراوە، ئەگەرچی لە وڵاتان و کولتوورە جاجیاکاندا بەشێوەی جیاجیا پێناسەکراوە. لە جیهانی ئەمڕۆدا هەموو جۆرە کارێکی سێکسی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا، ژن بێت یان پیاو، بە بێ ڕەزامەندی ئەو کەسە مەحکومەو لەم نێوەدا نەبوونی ڕەزامەندی مەرج نییە زۆرو چوارپەل بەستن و ئازاردانێکی جەستەیی لەگەڵدا بێت بەڵکو

هەرکاتێک کەسێک ووتی: نەخێر ئەوە مانای ئەوەیە کە ڕەزامەندی نییە بۆ ئەو کارە؛ ئیتر ئەو ناچارکردنە بەهۆی هێزی بازووەوە بێت یان بەهۆی پلەوپایەی ئەوکەسەوە یان هەر هۆیەکی دیکە. ناچارکردنی کەسێک واتە بەبێ ڕەزامەندی و ئارەزوی خۆی بۆ کاری سێکسی لەو کات و ساتە دیاریکراوەدا تاوانی ڕەیپە، ئیتر پێشتر چییان ووتووە یان چییان کردووە یان دواتر پەیوەندییان چۆن بووە پاساوی ئەوە نادەن بەدەستەوە کە ڕەزامەندی ئەو کەسە وەرنەگیرێت. لێرەدا بەکارهێنانی دەرمان و ماددەی سڕکەرو ئەلکهول بۆ بێهۆشکردنی ئەو کەسە یان نیوە بێهۆشکردنی هەر تاوانەکە دەسەلمێنێت و نەبوونی ڕەزامەندی هوشیارانە دەگەیەنێت. پێویستە بوترێت کە مندالانی خوار تەمەنی 16 سالi بەهیچ شێوەیەک ڕەزامەندییان بۆ کاری سێکسی قبوڵ نییە. هەروەها ئەوانەش کە باری دەرونی و عەقلییان کامڵ نییەو کەمئەندامن لەلایەنی ژیرییەوە ناکرێت ڕەزامەندییان بە پاساو وەربگیرێت.

لێرەدا کێشەیەکی دیکە دێتە پێشەوە ئەویش ڕەیپ لە ناو چوارچێوەی ژنومێردایەتیدایە. ئایا پیاوێک تاوانبارە بە ڕەیپ ئەگەر هات و ژنەکەی ناچار کرد بۆ ئەو کارە و لەو کاتەدا ئەو ئارەزوی ئەو کارەی نەکرد. لەڕاستیدا بەڵێ چونکە ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان دوو کەسدا هەیە چ ژن و مێرد بن یان هاوڕێ یان هەر پەیوەندییەکی دۆستانەی دیکە مەرجی ئارەزوی سێکسی دابین ناکات بە شێوەیەکی بەردەوام و دەبێت لە هەر پەیوەندییەکی سێکسیدا ئەو دوو کەسە هەردووکیان ڕەزامەندی تەواویان هەبێت بۆ ئەو کارە. تا ساڵی 1920 لە بەریتانیا ژن بە موڵکی پیاو دادەنراو ئەو پەیوەستەی ژنومێردایەتییەی کە لەنێوانیاندا هەیە بە پەیوەستەی ڕەزامەندی سێکسی دادەنراو دەبوایە ئەو ژنە بەبەردەوامی بۆ پیاوەکەی دابینبکردایە! بەڵام دیارە ئەو مەسەلانە ئێستا چونەتە زبڵدانی مێژووەوە. بەشێوەیەکی چڕتر هەموو ئەو پەیوەندی و باسوخواسانەی کە پێش یان پاش کارێکی سێکسی ڕوو دەدەن هیچ پەیوەندییەکیان نییە بە ڕەزامەندی سێکسییەوە. واتە ئەگەر کەسێک لەگەڵ کەسێکی دیکە بوونە هاوڕێ و ڕازی بوو بچێتە ماڵی ئەو یان لە ماڵەکەی خۆیدا پێشوازی بکات و لەگەڵیدا دابنیشێت و بەشێوەیەکی ئاسایی لەگەڵیدا بجوڵێتەوە مانای ئەوە نییە کە ڕەزامەندی کاری سێکسی داوە بەو کەسەو تەنانەت ئەگەر دەستیش بدەنە ئەو کارە هەر وەک چۆن پیاوەکە دەتوانێت هەر کات بیەوێت دەستبکێشێتەوە بە هەمان شێوە کەسی دووەمیش مافی ئەوەی هەیە کە داوای ڕاوەستان یان کشانەوە بکات لە هەر قۆناغێکی ئەو کارەدابن؛ ئەم مەسەلەیە بۆ ژنومێردیش هەر وایە.

لە کۆمەڵگای کوردەواریدا زۆر باسی شەرەف و دەستدرێژی بۆسەر شەرەف دەکرێت بەڵام ئاشکرایە لەم نێوەدا مەبەستیان شەرەفی پیاو یان تایەفەو خێڵ و بنەماڵەیەو ژن لەو مەیدانەدا هیچ حسابێکی بۆ نەکراوە، ئەگەرچی زۆرجار دەبێتە قوربانی و بۆ سڕینەوەی ئەوەی کە پێی دەڵێن حەیاچون و شەرەف ڕۆیین ژنەکە دەکوژن. زۆر بەداخەوە ئەم کێشەیە ئێستاکە لەنێوان کوردانی تاراوگەشدا بەرەوی هەیەو زۆرکەس هەن کە وەک سەردەمی جاهیلییەتی عارەوەکان هەبوونی کچ بە نەنگی دەزانن و چەند جاریش تاوانی کوشتن بەناوی شەرەفەوە ئەنجامدراوە لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا؛ کە لەم باسە کورتەدا ماوەی باسکردنیان نییە. ئەوەی مایەی دڵتەنگییە لەم بوارەدا ئەوەیە ئەو کوشتنانە زۆربەی هەرەزۆریان لەسەر سێکسی ئارەزومەندانەیە نەک ڕەیپ و ئەوان ئەو کارە بە دەستدرێژی بۆسەر شەرفیان دەزانن چونکە لە دەرەوەی بازنەی ژنومێردایەتی ئەنجامدراوە. تەنانەت ئەگەر ڕەیپیش بێت خۆ دەبێت ئەنجامدەری ئەو کارە سزا بدرێت نەک قوربانییەکە!

لێرەدا مەسەلەی ڕەیپ وونەو کەمتر سزای لەسەرەو زیاتر لەنێوان ژنومێرد و کەسانی لێک نزیک و پیاوانی دەسەڵاتدارو خاوەن پایەدا ڕوودەدات هاواری قوربانییەکە ناگاتە یاسا و خۆ ئەگەر بشگات کێ گوێێ لێدەگرێت.

ئەگەر بشزانرێت کەسێک بەزۆرو بەو پێوانانەش کە کۆمەڵگای کوردەواری بۆ زۆری داناوە ئەو کارەی لەگەڵ کەسێکیان کردووە ئەوا زیاتر بیر لەوەدەکرێتەوە کە کارێکی وەک ئەوە لەدژی کەسێکی ئەوان ئەنجامبدەن یان سوڵح بکەن بەوەی کچێکیان لێبسێنن و مارەی بکەن لە کوڕێکی خۆیان؛ بۆ ئەوەی بە ڕەسمی ڕەیپی بکات. یاخود دێن کچەکە مارەدەکەن لەو کوڕەی کە کەتنەکەی کردووە! لە هەموو ئەم بوارانەدا ژن ڕۆڵکی لاوەکی هەیەو وەک ئامێرێک یان بەشێک لە موڵک و ماڵ و پێویستییەکانی پیاو چاوی لێدەکرێت و خوێنی پێخۆشدەکرێت و سوڵحی پێدەکرێت و دەبەخشرێت و بەشێوەی یاسایی و شەرعی بە ڕەیپ کردن دەدرێت.

دیارە مەسەلەی ڕەیپ و تاوانە سێکسییەکان لە کوردستان پێویستی بە توێژنەوەی مەیدانی و باس و لێکۆڵینەوەی زۆر هەیەو من ئێستا لەدوورەوە ناتوام ئەو ئەرکە سەختە بگرمە ئەستۆ. ئەوەی کە من لێی ئاگادارم مەسەلەی ڕەیپە لە ئەدەبیاتی خۆرئاوادا، بەتایبەتی بەریتانی و ئەمریکی، و هەوڵدەدەم بیبەستمەوە بەو زانیاریانەوە کە خۆم وەک کوردێک و وەک ئەندامێکی کۆمەڵگای کوردەواری لەسەر کۆمەڵگای خۆمان هەمە. بە ئومێدی ئەوەی کە دەرگای توێژینەوەی تێروتەسەل لەوبارەدا بکرێتەوەو بشبێتە هۆی کامپین و فشار لەپێناوی پێشنیارکردنی یاساو بڕیاری سەردەمیانە لە پەرلەمانی کوردستاندا لەو بارەیەوە.

---

[i] ئەم تەمەنە بەگوێرەی یاسای ئینگلتەرەو وێلزەو لە وڵاتانی جیاجیادا پێدەچێت کەمێک جیاوازای هەبێت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تا تەمەنی منداڵەکە بچوکتربێت تاوانەکە قورسترەو خۆ تەنانەت ئەگەر بە ئارەزوی خۆیشی بێت هەر ئەو کەسە بە تاوانی سێکس لەگەڵ منداڵان تاوانباردەکرێت، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە ئەویش تەمەنی منداڵ بێت، واتە لەخوار تەمەنی یاساییەوە بێت.